حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٢٠٨٩ العدد:
ڕێکەوت: ٣/٥/٢٧٢٤ ی کوردی التاريخ: ٢٣/١٠/٢٠٢٤

# بڕیار

لەژێر ڕۆشنایی ماددەی ( سێیەم و چوارەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١) و ماددەی (دەیەم و دوازدەم) لە یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) بەمەبەستی بە بەدواداچوونی کاری رێکخراوەکان لە ڕووی کارگێڕی و دارایی، دوا بەدوای چەندین کۆ بوونەوە و ڕاوەرگرتن سەبارە بە کەم کردنەوەی رۆتین تایبەت بە بڕیاری کارگێڕی، بڕیارماندا بە:

١-درێژ کردنەوەی ماوەی بڕیاری کارگێڕی بۆ ڕێکخراوەکان لە کاتی نوێکردنەوە لە ساڵێکەوە بۆ دوو ساڵ.

٢-لە نووسراوی داواکاری لە بڕی دەرهێنان یان نوێکردنەوە ڕێکخراو تەنها داوای بڕیاری کارگێڕی دەکات، لە بەشی خوارەوەی کلێشەی نووسراوی ڕێکخراو دەبێت ناونیشانی تەواو، ژمارەی پەیوەندی، ئیمێڵ و کۆدی ڕێکخراو ئاماژە پێبکات.

٣-لەبڕی بڕیاری کارگێڕی ڕەسەن ڕێکخراو تەنها کۆپیێک لە بڕیاری کارگێڕی پێشووتر پێشکەش دەکات.

٤- ڕێکخراو پابەند ناکرێت بە پێشکەش کردنی گرێبەستی ئۆفیس، پلانی کار، فۆڕمی پەسەند کردنی ڕاپۆرتی دارایی و لیستی ئەندامان.

٥-ڕیکخراوی عێراقی پێویستی بە چوار تۆمارە ئەرێکراوەکانی دادنووس نیە.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:

- وێنەیەك لە کۆنووسی کۆبوونەوە.

فەلاح حەسەن
**سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان**
٢٠٢٤/١٠/٢٣

وێنەیەک بۆ:

- ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز جێگری سەرۆکی فەرمانگە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی فەرمانەکەمان بۆ کاری پێویست.

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@krgngo.org
عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٩٦٧٥٠٨١١٠٨٠٨
Address-Kurdistan Region-Iraq-Erbil
www.krgngo.org

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية الادارة

# بڕیاری کارگێری

**١-** بەنووسراوێکی فەرمی داواکاری لەسەر( کلێشەی ڕێکخراو) پێشکەشی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێت بەمەبەستی پێدانی بڕیاری کارگێڕی .

**٢-** کۆپییەک لە بڕیاری کارگێڕی و بڕوانامەی تۆماری ڕێکخراو.

**٣-** بۆ ڕێکخراوی کوردستانی :هێنانی وێنەیەک لە کۆنووسی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی کە پێویستە لە تۆماری بڕیارەکان تۆمارکرابێت و لەلایەن کەسانی دەسەڵاتدار بە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی واژوو کرابێت و هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی پێویستە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراو بێت.

بۆ ڕێکخراوی عیراقی:فەرمانی دامەزراندنی (قرار تعين) سەرۆکی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان.

بۆ ڕێکخراوی بیانی: نووسراوی دیاریکردنی بەڕێوەبەری هەرێمی لە کوردستان ئەرێ کراو (مصدق) بێت و وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی کوردی.

**٤-** هێنانی وێنەیەک لە پەڕی یەکەمی ئەم چوار تۆمارەی خوارەوە. (تەنها بۆ ڕێکخراوە کوردستانیەکان)

١: تۆماری ئەندامان -٢: تۆماری بڕیارەکان ٣:تۆماری ژمێریاری ٤:تۆماری بنەڕەت ( هەبووەکان):

**٥-** هێنانی وێنەیەک لە کارتی نشتیمانی ڕەنگاو ڕەنگی دەستەی کارگێڕی لە یەک ڕووی لاپەڕەیەکی ئەی فۆر بەڵام ئەو کەسانەی کە خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقن کۆپی کارتی نیشینگە وە بۆ کەسانی بیانی کۆپی پاسپۆرت و کارتی نشینگە .

**تێبینی:** نوێکردنەوەی بریاری کارگێری بۆ ماوەی ٢ ساڵ دەبێت.

| ناوی ڕێکخراو بە زمانی کوردی | لۆگۆی ڕێکخراو | ناوی ڕێکخراو بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی |
|---|---|---|

ژمارە: ڕێکەوت:

بۆ /فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

بابەت/بڕیاری کارگێڕی

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ( )کە تۆمارین لە فەرمانگەکەتان بە کۆدی( ) لە ڕێکەوتی ( ) داواکارین بە هۆی پابەندبوونمان بە گشت یاسا و ڕێنماییەکان بفەرموون بە پێدانی بڕیاری کارگێڕی ڕێکخراوەکەمان بۆ ئەم بەڕێزانەی کە لەخوارەوە ناو و ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنیان هاتووە،

بواری کارکردنی ڕێکخراو: ( )

پارێزگا:

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشای کار(پۆست) | ژمارە تەلەفۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | | | |
| ٢ | | | |
| ٣ | | | |

تێبینی:بۆ ڕێکخراوی بیانی و عێراقی تەنها ئاماژە بە ناوی سەرۆک دەکرێت.

ناوی سیانی و واژووی سەرۆکی ڕێکخراو

مۆری ڕێکخراو بە شێوەی ڕەسەن